پرسی دەنگدانی گشتی بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کۆتاییهات



کاتژمێر 6:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە، پرسی دەنگدانی گشتی بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کۆتاییهات.

کاتژمێر 7ی بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، 20ی تشرینی یەکەمی 2024, دەنگدانی گشتی بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد و تاوەکوو کاتژمێر 6ی ئێوارە بەردەوام بوو.
لەم هەڵبژاردنەدا 14 حیزب و هاوپەیمانی کابەری لەسەر 95 کورسیی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەن لەگەڵ پێنج کورسی بۆ کۆتاکان کە بۆ تورکمان و ئاشوریەکان تایبەت کراوە.
لەکاتەکدا هێزی هێینی ئابردوو، دەنگدانی تایبەت بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەرەوڕووو و بگوڕی ئامارەکانی کەمیسیۆن هێزی بەشداریی گێشتبووە %97ی ئەندامی هێزە ئەمنییەکان دەنگیان دا لەکی گشتی 215،000 دەنگی تایبەت.
هەڵبژاردنی ئەم خولی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بۆ گوڕی داتاکانی کەمیسیۆن، دوو ملیۆن و 682 هەزار و 618 دەنگدەری هەرێمی کوردستان، مافی بەشداریان لە دەنگدانی گشتیدا هەیە.